Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.207206

# ڕەهەندی ئێستاتیکی لە دیوانی (دەربەندی پەپوولە)ی شێرکۆ بێکەسدا

**سروه طاهر علي**

کۆلێژی پەروەردی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ( ڕەهەندی ئێستاتیکی لە دیوانی ( دەربەندی پەپوولە) ی شێرکۆ بێکەس) دا، هەوڵێکە بۆ دەست نیشانکردنی ئەو کەرەستە زمانیانەی کە بونیاتی ئێستاتیکا دەخوڵقێنن. بۆیە بە شێوەیەکی گشتی باسمان لەو تێڕوانینە ئێستاتیکیە فەلسەفیانە کردوە و بۆچونی بیرمەندانمان سەبارەت بە ئێستاتیکا خستۆتەڕوو، دواتر چۆنێتی بەستنەوەی ئەم زانستە بۆ نێو دنیای ئەدەب، پاشان نیشاندانی ئەو ڕایەلانەی کە ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە پشت بونیادنانی دەقێکی ئێستاتیکیەوە کە بریتین لە گێڕانەوە وەک ڕەگەزێکی جوانکاری کە ئێستاتیکا بە دەقی شیعری دەبەخشێت و زمانی شیعری کە خۆی لە لادانی واتای و لادانی ڕێزمانی دەبینێتەوە، وە هەروەها وێنەی هونەری وەک ڕەگەزێکی ئێستاتیکی.

***Article Info***

Received: March, 2020

Revised: April, 2020

Accepted: Jun, 2020

***Keywords***

ئێستاتیکا، گێڕانەوە، وێنەی شعری، زمانی شیعری

***Corresponding Author***

Srw.ali@uoh.edu.iq

## پێشەکیی

ئێستاتیکا لیکۆڵینەوەیە لە فەلسەفەی ئێستاتیکی و هونەری، یان ئەو بەها هونەریانەی دەربڕینێکی هونەری دەخولقێنن و هەستی وەرگرتن دەوروژێنن، بۆئەوەی چێژ لە جوانی وەرگرین. لەبەرئەوەی ئەرکی شیعریش بەخشینی چێژ و ئێستاتیکایە بە وەرگر، نەک تەنیا گەیاندنی پەیام. لەبەرئەوە ئێستاتیکا هەموو ئەو بنەما پیکهێنەرانە دەگرێتەوە، کە ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لەپشت بونیادنانی دەقێکی ئێستاتیکی ئەدەبیەوە، بۆیە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی(ڕەهەندی ئێستاتیکی لە دیوانی (دەربەندی پەپوولە)ی شێرکۆبێکەس)دا، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ئەو کەرەستە زمانیانەی کە بونیاتی ئێستاتیکی بە دەقەکانی شاعیر دەبەخشن. توێژینەوەکە لە دوو بەش پێک هاتووە:

- بەشی یەکەم: تێڕوانینێکی گشتی دەربارەی ئێستاتیکا

- تەوەری یەکەم: چەمک و پێناسەی ئێستاتیکا.
- تەوەری دووەم: ئێستاتیکا لەڕوانگەی بیرمەندان و فەیلەسوفانەوە.
- تەوەری سێیەم: ئێستاتیکا وەک ڕەگەزێکی داهێنانی شیعری.
- بەشی دووەم: بونیاتی ئێستاتیکا لە دیوانی (دەربەندی پەپوولە)ی شێرکۆ بێکەس دا.
- تەوەری یەکەم: گێڕانەوە وەک ڕەگەزێکی داهێنانی شیعری.
- تەوەری دووەم: ئێستاتیکای زمانی شیعری.
- تەوەری سێیەم: ئێستاتیکای وێنەی شیعری.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەمان خستۆتە ڕوو، هەروەها توێژینەوەکە بەپێی میتۆدی شێوازگەریە، کاری لەسەر چۆنیەتی شیکردنەوەی چەمکەکان و کارکردن لەسەر دەقە شیعریەکانی دیوانی (دەربەندی پەپوولە)کردووە.

## 1-بەشی یەکەم : تێڕوانینێکی گشتی دەربارەیی ئێستاتیکا

### 1 -1ئێستاتیکا

ئێستاتیکا واتە زانستی جوانی یان فەلسەفەی جوانی و هونەر، لقێکە لە لقەکانی فەلسەفە، کە لە هونەر دەکۆڵێتەوە لە بنەڕەتدا وشەی ئێستاتیکا (Aesthetic) لەوشەی (Aistheticos)ی گریکەوە هاتووە. واتە (زانین بەهۆی هەستەوە یان (ناسینی هەستپێکراو)، پاشان بەزانینی (ئیدراک) تایبەت بە هەستی جوانی دەوترا. زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون کە زاراوەی ئێستاتیکا بۆ یەکەم جار لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم لەلایەن (ئەلیکساندەر بومگارتن ١٧٦٢-١٧١٤) لەکتێبی (Aesthetics) بەکارهێنراوە.(جەبار ئەحمەد حسین، ٢٠٠٨: ١٧). لە کتێبەکەیدا ئێستاتیکا وەهادەناسێنیت کە (زانستی ئەپسمۆلۆژیە هەستەوەریەکانە، یان تیۆری هونەرەجوانەکانە، یان هونەری بیرکردنەوەی جوانە.(هیمداد حسین، ٢٠١٧ : ١٨).

هاوکات چەمکی ئێستاتیکا لەلایەن یۆنانییەکانەوە زیاتر بە واتای ئیدراکی هەستی یان مەعریفەی هەستی بەکارهاتووە. هەروەها هەوڵێکی زۆر دراوە تاکو بتوانرێت پێناسەیەکی گونجاو بۆ ئێستاتیکا دابنرێت، بەڵام زەحمەتە ئەم زاراوەیە لەپێناسێکدا چوارچێوەی بۆبکرێتەوە و مەودای پێببەخشرێت، لەبەرئەوەی ئەم زاراوەیە لەهەمووزاراوەکانی جۆری (زانستە مرۆڤایەتییەکان) مانای کۆتایی پێناسی کۆتایان نیە، ئەمەش لەبەرئەوەی بەردەوام دیدگای جیاواز لەلایەن فەیلەسوفان و هونەرمەندانەوە بۆ جوانی سەرهەڵدەدات. لەبەرئەوە لەدیوێکی تردا دەتوانین بڵێن (ئێستاتیکا بریتیە لە داهێنانی هونەری، ئاماژە بۆ بەبەهای جوانی ئەوشتانە دەکات کە داهێنەران بەرهەمیان هێناوە، یان درککردنە بە بابەتە هونەرییەکان)(نەوزاد

ئەحمەدئەسوەد، ٢٠١٥ :٧٧). بەهای جوانی شتەکانیش وەک دیاردەیەک پەیوەندی بەتێگەیشتن و بۆچوونی مرۆڤەوە هەیە، ئەم تێگەیشتنە خۆی لەخۆیدا کەرەستەی ئێستاتیکایە. زانستی ئێستاتیکا زانستێکی پێوەری نیە، ئەوەمان بۆدەربخات، کاری هونەری تاوەکو سیفەتی جوانی پێبدریت پێویستە بەو شێوەیە بێت، بەڵکو زانستێکی وەسفییە، لەکاری هونەری دەکۆڵێتەوە بەوپێیەی کە هونەر دیاردەییەکی مرۆڤایەتییە و پەیوەندی بە چالاکی گییانی مرۆڤەوە هەیە، واتە زانای ئێستاتیکا کاری ئەوە نیە ئامۆژگاری هونەرمەند بکات، یاخود بیرورا تیۆریەکانی بەسەردا بسەپێنێت، بەڵکو ئەرکی لێکۆڵینەوەیە لەداهێنانی هونەری و ئەدەبی دەرخستنی یاساو بەهاکانی ناوەوە.(جەبارئەحمەدحسین، ٢٠٠٨ :٢١).

لەبەرئەوەی تێگەشتنی مرۆڤ بۆ جوانی بەپێی سەردەم ئەگۆرێت، بۆیە کاری ئێستاتیکا ئەوەنیە یەک پێناسەی هەمیشەیی بۆ هونەر بکات، بەڵکو کاری رێکخستن و تازەکردنەوەی بەردەوامی گرفتەکانە، ئیستاتیکا زانستێکی تیۆرییە لەگرفتە کانی جوانی لەهونەردا دەکۆڵێتەوە. بڕیاردان لەسەر جوانی و ناشرینی شتەکانی دەوروبەرمان دەگەڕێتەوە بۆخودی ئادەمیزاد خۆی و جۆری هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ بابەتەکە و هەڵوێستی تایبەتی خۆی بەرامبەری. هاوکات زۆرجار هونەرمەندان بابەتی ناشرین و دزێو دەکاتە بابەتی هونەرەکەی و لە بۆتەی جوانیدا دایدەرێژێتەوە ئەگەر وردبینەوە لەو دێرەی (نالی) چۆن سیفەتی خێڵی چاوی خۆشەویستەکەی، کەبەلای خەڵکەوە سیفەتێکی ناشرینە ئەو بە پێچەوانەوە باسی دەکات(کەمال مەمەند میراودەلی، ١٩٧٩: ١٥). و دەڵێت

پێم دەڵێن مەحبوبە خێڵ و قیچە مەیلی شەڕ دەکات

خێڵ و قیچە یان تەرازوی نازی نەختی سەردەکات

عەکسی چاوی تۆ لەچاویدا بە خواری تێئ دەگەی

کەچ نەزەرکەی فەرقی خوارو ژوور و خێرو شەر دەکات

بۆیە ئەتوانین بڵێین جوانی لەخودی کەسەکاندا بەپێی دۆخی سایکۆلۆژی دەگۆرێت یان روونتر بڵێین چەمکی جوانی رێژەییە بەپێی فاکتەرو کلتورو ژینگە دەگۆرێت(جەبار ئەحمەد حسێن،2008: ٢١).

## 2-1 ئێستاتیکا لەڕوانگەی بیرمەندان و فەیلەسوفانەوە

دیاردەی ئێستاتیکا لە سروشت و هونەردا جێگای سەرنجی زۆرێک لەفەیلەسوفان و بیرمەندان بووە، بۆیە هەریەکەیان بەپێی ئەو رێبازە فەلسەفی و تێروانینە زانستیانەی هەیانبووە لایەنە شاراوەکانی کاری هونەریان شیکردۆتەوە، بەها ئێستاتیکیەکانی ئەوکارەیان دەرخستووە. بۆیە بەپێی ئەوتێروانینانەی کە بۆ ئێستاتیکا هەیانبووە، ئەکرێت دابەش بکرێت بەسەر چەند جۆرێکدا ئەویش: (هەندێکیان پێیان

وایە جوانی لەخودی شتەکاندایە، هەندێکیتریان پێیان وایەلەهۆشی مرۆڤدایە، هەندەکێتر پێیان وایە لەگونجاندنی شتەکاندایە لەگەڵ هۆشی ئیمەدا) (جەبار ئەحمەد حسێن، ٢٠٠٨: ٢١). خۆئەگەر سەرنج لە تێڕوانینی گریکەکان بدەین سەبارەت بەم چەمکە، ئەوانیش بیرو بۆ چوونی جیاوازیان هەیە. ئەگەر سەرەتا بگەڕێینەوە بۆلای ئەفلاتۆن، ئەوا ئەو جوانی بەندی ئایدیادەکات، هەرچەندە چەمکی ئێستاتیکا لەکارەکانی ئەفلاتۆن فراوانترە، بەڵام بە هەوڵێکی سەرەتای ئەژمێردرێت کە بە نووسین مابێتەوە. بۆیە بەپێیی بۆچوونی ئەفلاتۆن جوانی لەم جیهانەدا بوونی نییە، جوانی تەنها لە جیهانە نموونەیەکەیدا، چونکە (بەپێی فەلسەفەی بوونی ئەفلاتۆن هەستەکان هەڵخەڵەتێنەرن، لەبەرئەوەی ئەوجیهانەی بەپێی هەستەکان پێییدەگەی، جیهانی سێبەرە هەنگاوێک دوورە لەڕاستیەوە، جیهانی نمونەیەکەشی جیهانی ڕاستەقینەیە تەنها لە ڕێیی هۆشەوە پێی دەگەین، جوانی وەک سیفەتێکی ڕاستەقینەی بوون تەنها لەجیهانی نمونەیدا هەیە(جەبار ئەحمەد حسێن، ٢٠٠٨ :٣٩). بۆیە هونەر بەساختەی حەقیقەت دادەنێن، ڕووکەش ڕەتدەکاتەوە، ڕوودەکاتە جەوهەر. بەشێوەیەکی گشتی ئەفلاتۆن بۆ بڕیاردان لەسەر هونەر، پێوەری ڕەوشت و ئاینی خستۆتە پێش ئێستاتیکا. هەرچی ئەرستۆشە، پێچەوانەی ئەفلاتۆنە (ئەقڵ دەکاتە پێوەر بۆ جوانی و دەیکاتە پرنسیپێکی ڕێک و پێک بۆ هونەر)، پێی وایە هونەر لاسای جوانی نیە، بەقەد ئەوەی لاسای کردنەوەی جوانی شتەکانە جا ئەوشتە خەمگین بێت یان ناشرین بێت(هیمداد حسین، ٢٠١٧ : ٩٧). هەروەها بڕوای وایە لاسایی کردنەوە کامڵکردنی ئەو شتانەیە کە سروشت نەیتوانیوە بەدیان بێنیت، مرۆڤ بەهونەرەکەی ئەتوانیت کەموکوڕی سروشت پڕبکاتەوە. هەروەها چەمکی جوانی لای ڕۆمانیەکان، کەوتۆتە ژێرکاریگەری فەلسەفەو ئەدەبیاتی گریکەکانەوە (هۆراس) دیارترین شاعیرو ڕەخنەگری ڕۆمانیەکان بوو، سەبارەت بەجوانی دەڵێت: (( ئامانجی شاعیران یان سود بەخشینە، یان چێژبەخشینە، یاخود وورووژاندنی چێژو سوودبەخشین لەیەک کاتدا))،(جەبار ئەحمەد حسێن، ٢٠٠٨: ٤٣). لەبەرئەوە جوانی ئەدەب و هونەر لەهەردوو ڕووەکەیدا دەبینێت، چێژ بە ڕووخسار و سوودیش بەناوەڕۆک دەبەستێتەوە. هەروەها فەلسەفەی هونەروجوانی لای (کانت ١٧٢٤-١٨٠٤) کە فەیلەسووفێکی ئەڵمانییە، ووردبوونەوەکانی بە سەرەتایەکی نوێ لە بواری ئێستاتیکا دادەنرێت. لە لێکۆڵینەوەکانیدا گرنگی نادات بە کاری هونەری، بەڵکو گرنگی دەدات بەبڕیاری ئێستاتیکی، هاوکات لەدیاریکردنی جوانیدا پشت بەهیچ بنەمایەک نابەستێت پێی وایە، بڕیاردان لەسەر جوانی بڕیاریکی خودیە و جیاوازە لە بڕیاریکی لۆژیکی پشت بە بۆچوونی ئەقڵی دەبەستێت(مجاهد عبدالضم مجاهد، ٢٠١٣ :٨٥). بە بۆچوونی ئەو جوانی تەنها لەڕێگای هەستەوە بەدی نایە، بەڵکو دەبێت ئەقلیش بەشداری تێدابکات پێی وایە ((جوانی

خالی بەیەکگەیشتنی ئەقڵ و هەستە))(جەبار ئەحمەد حسێن، ٢٠٠٨ :٥٥). هەرچی جوانی هونەرییە لای (هیگڵ) پرۆسەیەکی ئەقڵییە و بەرزترین ئاستی هونەری داهێنانە. بنەمای ئێستاتیکا لای (هیگڵ) لەسەر گریمانەی (ڕۆحی ڕەها ) دامەزراوە، بنچینەی شیکردنەوەو ڕاڤە کردنی فەلسەفی خۆی لەوەوە وەرگرتووە. بێگومان ئەوە زانراوە ئەم زاراوەیە (ڕۆحی ڕەها) لە فەلسەفەی میتافیزکیدا بریتییە لە بابەتی هەمیشەی بێ سنور بێ مەرج و کامڵ، هەروەها بڕوای وایە جوانی لەکەسێکەوە بۆکەسێکی دیکە بەپێی جیاوازی هوشیاری ئەگۆرێت (هیمداد حسێن،٢٠١٧ :١٠٠).

## 3-1 ئێستاتیکا وەک ڕەگەزێکی داهێنانی شیعری

لەبەرئەوەی ئێستاتیکا لقێکە لە لقەکانی فەلسەفە و لە دنیای جوانی و ڕیشەی جوانی دەکۆڵێتەوەو هەوڵ دەدات، بە ووردی لایەنی بیرو هزری جوانی هەڵبسەنگێنیت و هەموو ئەو ڕیشەو بنەمایانە بە دیاربخات، کە دەستیان لە خولقاندنی جوانی و ڕەخساندنی ئەم لایەنە گرنگ و بەهادارە هەیە. جوانی ئەدەب لەبنەڕەتدا ئەگەر کاری جوانی و گەیاندنی جیهانبینی نوێ و چیژێکی قوڵ و کاریگەرانە نەبێت هیچی تر نییە. بۆیە ئێستاتیکا بە قولی لەناو دڵی شیعرو ئەدەب دا ئەبینرێت، و میوانی هەمیشە ئامادەی سەرسفرە و خوانی جوانییەکانە. هەر لەبەرئەوەیە دەوتریت ((جوانیناسیی زانستێکە لە شعورو هەست و چێژەکان دەکۆڵێتەوە، کە دیمەنی شتەجوانەکان دەپاریزیت)) (سەنگەر قادر شێخ محمد، ٢٠١٢ :١٣٢).

بەو مانایەیی کە زانستی ئێستاتیکا(جوانیناسی) لە شعور هەست و نەستەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، کە چۆن بۆتە سەرچاوە و هەوێنی خوڵقاندنی جوانییەکان، هەروەها کاریگەری ئەو چێژو جوانیە فەلسەفیانە دەنرخێنێت ڕیشەو بنەماکانی شرۆڤە دەکات. بۆیە ئێستاتیکا وەک زانستێک، ئەو و توخمە ڕیشەیی و بنچینەیانە بە دیار دەخات، کە سەرچاوەیان لەشعورو ویژدانی مرۆڤەوە خۆیی بەیان کردوە ڕەهەندێکی نەمر و جاویدانی بە ئەدەب و ئەدەبیات بەخشیوە، لەبەرئەوە دەوترێت " زانستی ئێستاتیکا " تیۆری هونەرە ئازادەکانە، زانستی مەعریفەی هەستیە (مجاهد عبدالضم مجاهد، ٢٠١٣:١٠ ). بەومانایەی زانستی " ئێستاتیکا " زیارتر لە هونەرە ئازاد و سەربەستەکانی وەکو ئەدەب و شیعرو پەخشان و وتارو شانۆ .... هتد دەکۆڵێتەوە کە بەرهەمێکی سەربەست و ئازادی بیری مرۆڤە لەبەرئەوەی ئەم زانستە زیاتر خۆی لەبەرهەمە هەستیەکاندا دەبینێتەوە وەک لەبەرهەمە ژیریەکاندا، بۆیە هەرلەبنەڕتدا ئەم زانستە بەمانای لێکۆڵینەوەیە لە جوانیە هەستی و ویژدان ئامێزەکان و تەعبیر بووە لەو بەرهەمە داهێنراوانەی مرۆڤ، کە لە کاتی هەستی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێت، بێگومان شیعر و ئەدەبیش لە هەست و ویژدانی مرۆڤەوە دروست دەبن و سەرچاوە دەگرن. دەتوانین بڵێین جوانی ڕەهەندێکی سەرەکی ژیانی

مرۆڤایەتیە و یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی دەقی ئەدەبی و هونەری، هەر لەبەر ئەوەیە هونەرمەندان و ئەدیبان بە درێژای مێژوو هەوڵیان داوە لە کارەکانیاندا گرنکی بە جوانی بدەن و هەوڵی بەرجەستەکردن و ئەفراندنی بدەن و بەرهەمەکانیانی پێ برازێننەوە. هەر وەک کانت دەڵێت ((جوانی لە سرووشتدا شتێکی جوانە، بەڵام جوانی هونەر مانای وێناندنی شتەکانە بە شێوەیەکی جوان)). (ئاسۆ عومەر مستەفا : 2019، 17). لەبەشی دووەمدا هەوڵ دەدەین هەندێک لەو بنەما پێکهێنەرانە بخەینە ڕوو کە ڕۆڵیان هەیە لە بەرجەستەکردنی لایەنی ئێستاتیکی دەقی ئەدەبیدا.

## بەشی دووەم : بونیاتی ئێستاتیکا لە دیوانی (دەربەندی پەپوولە )ی شێرکۆ بێکەس دا.

## 2-1 ئێستاتیکای گێڕانەوە لە دیوانی (دەربەندی پەپوولە ) ی شێرکۆ بێکەسدا

زۆر جار شیعر بەتەنها دەرەقەتی ئەو خەیاڵە شیعریە بەرفراوانی شاعیر نایەت، کەلە زەینی شیعریدا پەنگی خواردۆتەوە. بۆیە هەمیشە شاعیر بەدوای سەرچاوەیەکی دیکەدا گەڕاوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تر بونیاتی زمانی و وێنەیی دروست بکاتەوە، بەتایبەتی لە دوای ئەو گۆڕانکاریە گەورانەی کە لەشیعری هاوچەرخی نوێدا بەسەر ڕووخساری بونیاتی زمانی شیعریدا هاتوون، شیعر چیتر باوەڕی بەسنورەکانی خۆی نەماوەو پەڕیوەتەوە، بۆ نەک تەنها ئەو دیوی سنوری ژانرە ئەدەبیە نزیکەکان، بەڵکو بۆ هونەرەکانی تری وەک (چیرۆک و دراما)، بێگومان ئەمەش پێویستی بە ووزەیەکی شیعری گەورەیە هەیە لەلایەن شاعیرەوە، چونکە هەروا ئاسان نیە شاعیرێک پێکهاتەکانی گێڕانەوە بئاخنێتە نێو فەزای شیعرەوە، ئەگەر ڕۆشنبیرو خوێنەرێکی باشی بەردەوامی ڕۆمان و چیرۆک نەبێت، ناتوانرێت وێنەکان لە سیمای گێڕانەوەیەکی شیعریدا بە ئاماژەیەکی فرەمەودا بخاتەڕوو، یاخود شاعیر زۆر جار هەوڵدەدات لەسەرجۆرێکی دیکە خوێنەرەکەی ڕابهێنی، گەردەلولی بیرکردنەوەی بهەژێنێت و سەلیقەیەکی تری شیعری پێببەخشێت)،(نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ، ٢٠٠٦: ١٧). هاوکات ( ئەمەش واله شیعر دەکات لە دەرەوەی سنورە تەقلیدیەکانی خۆی بۆ زمانێکی تر بگەڕێت، لێرەوە دەچێتە هەرێمەکانی گێڕانەوە و دیالۆگ و بیۆگرافیا و شێوەکاری و بگرە سینەماشەوە، هەروەک چۆن ئەو لایەنە هونەری و ئەدەبیانەی تریش شیعرو ئاوێزانی خۆیان دەکەن(نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد،2006: ١١٩). ڕەگەزی گێڕانەوە لەبەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەسدا یەکێکە لەو لایەنە گرنگانەی بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت و قورسای بەشیعرەکانی بەخشیوە، بۆیە زۆر جار لەناو هۆنراوەکانیدا چیرۆک، دراما و ڕەگەزە سەرەکیەکانی تری گێڕانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو دێنە بەردەمان، هەرئەمەش وادەکات

بەردەوام شێرکۆ لەناو شیعرەکانی دا ڕۆڵی گێڕەرەوە ببینێت، ئەمەش وا دەکات شیعرەکانی بەردەوام خوێنی گێڕانەوەی نەتەوەیەکی لێبچۆڕێت و شاعیر لەناو هۆنراوەکانی دا ڕۆڵی گێڕەرەوەی سەرەکی ببینێت. بوونی ڕەگەزی گێڕانەوە وای کردوە کە ڕەگەزی "چیرۆک و دراما" لەناو شیعرەکانیدا ئامادی هەبێت، هەر ئەمەشە لایەنێکی ئێستاتیکی و داهێنەرانەی بەدەقەکانی بەخشیوە. هاوکات ( دوو شێوازی سەرەکی بۆ گێڕانەوە هەیە ، گێڕانەوەی بابەتی (objectif)، هەروەها گێڕانەوەی خودی (subjectif) لە سیستەمی گێڕانەوەی بابەتی نوسەر ئاگاداری هەموشتێکە، تەنانەت بیرکردنەوە شاراوەکانی پاڵەوانەکان(کەسایەتیەکان) دەزانێ. بەڵام لەسیستەمی گێڕانەوەی خودی دا لەمیانی سەرچاوەی گێڕەرەوەوە شوێن پێی گێڕانەوەکە دەکەوێت، یان پێویستمان بەڕاڤەکردنی هەموو هەواڵێکی دیاریکراونیە و ناپرسین چۆن گێڕەرەوە یان گوێگر ئەمەیان زانیوە (ڕێزان ڕەحمان خدر،2013: ٤٠). لای شێرکۆ بێکەس هەردوو شێوازی گێڕانەوە دەبینرێت هەر وەک لەم چەند دێڕەی خوارەوە شاعیر ڕووداوە تراژیدیەکان و کارەساتی گەلەکەی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

هەرلێرەیش بوولێڵی دووێنی بوو

من خۆم دیم (( بەپەلە مێژوو هات ، بەخۆی و

چەند ڕەوە ئەسپەوە ، وەک بڵێی ساڵێکی

وون بووبێ و بەدوایدا بگەڕێ– من خۆم دیم

پەشۆکاو داستان هات بەخۆی و چەند ڕەوە برووسکە و

هەورەوە وەک بڵێی هەواڵی کوژرانی ((ئەنکیدۆ))

یان کاوەی بیستبێ . ئەووەختەی خۆیان کرد بەدەرگای

زیوینی دەربەندا ، هەرهەموو ئەسپەکان ، سوارەکان

سەرتاپا هەڵمێکی زەرکەفتی لە لەشیان هەڵئەستا

چیایان شڵەژان ، درەختە

و تاڤگەو ڕوباریان سەرسام کرد..

(دەربەندی پەپوولە: ٤٢).

لێرەدا شاعیر وەکو گێڕەوەیەک خەم و حەسرەتی گەل و نەتەوەیەک دەگێڕێتەوە باسی هەموو ئەو نا ئومێدی و تراژیدیا و کارەساتانە دەکات، کەبەسەر نەتەوەکەیدا هاتووە، شاعیر شمشاڵی حەسرەتی نەتەوەیەک دەژەنێ کارەساتی ئەو میللەتە دەگێڕێتەوە و بەیانی دەکات. لێرەدا شاعیر گێڕانەوەی خودی بەکار هێناوە ،واتە (هەموو شت زان)ە و خۆیی ئاگاداری هەموو ڕووداوەکانە.

هەروەها بوونی دیالۆک و کارەکتەر ، یەکێکی ترە لەو ڕەگەزە گرنگانەی کە بونیاتی تەکنیکی

گێڕانەوە پێکدێنێت، هاوکات ڕۆڵی گرنگ و بەهاداریان هەیە لە بەخشینی لایەنی ئێستاتیکی بەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەس. کە ئەمیش بریتیە لە گفتو گۆ کردنی دوو کارەکتەر یەکیان قسەکەر ئەویتریان گوێگر. زۆر جار لەڕێی دیالۆگەوە هەوڵیداوە ڕاستەوخۆ بە زمانی کارەکتەرەکان بدوێ، هەروەها ئەو پەیامەی مەبەستیەتی لە ڕێیی دیالۆگەوە بیگەیەنێت. هەروەک لەم پارچە هۆنراوەیەدا جۆرە گفتوگۆیەکی دروست کردووە و دەڵێت:

*من وتم:*

*سڵاو ئەی*

*ڕۆژنامەی باپیرە گەورەمان*

*لەگەل چی خەریکی؟*

*ئەو وتی:*

*خەریکم بە وشە*

*دیواری تاریکی کون ئەکەم*

*ئەگەڕێم بۆ هەتاو.*

*بەکونی هەتاودامن هاتم، وام پێووت*

*ئەو وتی:*

*باش هاتووی*

*تۆشعری کام شاری؟*

*من وتم:*

*هی نالی*

*ئەو وتی*

*ئاخ!! نالی*

*دوو ئاخی چەند لەیەک نزیکین*

*هەر ئەڵێی*

*جمکی ئەم*

*غوربەتەین*

*(دەربەندی پەپوولە:١٣٦)*

*لەڕێگەی دیالۆگەوە شاعیر سیمایەکی هونەری و ئێستاتیکایی بە شیعرەکە بەخشیوە و هەوڵی داوە ڕەوتی گێرآنەوە کە بگۆڕێت جیاواز بێت، تابێتە جێگەی بایەخی خوێنەر و گوێگر، چونکە شاعیر هەوڵدەدات لەڕێگەی دیالۆگەوە دەربڕینی سۆزو هەڵوێستەکان* بەشێوەیەکی کاریگەر تر بەخوێنەر بگەیەنێت. لێرەوە ڕەهەندی دەروونی خوێنەر ئەوروژێنێ خوێنەر یان گوێگر واهەست دەکات لەبەردەم وێنەیەکی واقیعی دایە.

## 2-2 ئێستاتیکای زمانی شیعری لە دیوانی ( دەربەندی پەپوولە )ی شێرکۆ بێکەسدا

یەکەمین کار لە ئەدەبدا پێویستە هەبێت، لایەنی ئێستاتیکاکەیەتی بۆئەوەی چێژ بە خوێنەر ببەخشێت، بێگومان ئەو چێژەش پەیوەستە بە زمانەوە، لە ڕێگەی زمانەوە ئەتوانرێت ڕایەڵەیەک دروست بکرێت لە نێوان دەق و هەستەکانی

خوێنەردا. سەرکەوتنی دەقیش پەیوەستە بەچۆنیەتی مامەڵەکردنی شاعیران و نوسەران لەگەڵ زمانەکەیاندا. شێوازی مامەڵەکردنی زمان لە لایەن شاعیران و نوسەرانەوە جیاوازە و ئەم جیاوازیەش وایکردوە، هەر شاعیر و نوسەرێک ڕێچکەو شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەبێت و مۆرکی کەسی پێیبەخشێ، لەگەڵ ئەوەشدا شێوازیی گشتی مامەڵەکردن لەگەڵ زمان دوو شێواز(فۆرم) لەئەدەبیدا بەرجەستە دەکات ئەوانیش (شیعر و پەخشان)ن، هاوکات هەر ئەم((جیاوازی شیوازی مامەڵەکردنە لەگەڵ زماندا وایکردوە ڕەگەزە ئەدەبیە جیاوازەکان دروستبن، هەروەها بۆتە هۆی ئەوەی زمانی هەر ڕەگەزێکی ئەدەبی تاڕادەیەکی بەرچاو لە ئەوەی دیکەیان نەچێت، بەڵام جیاوازیەکانیان زیاتر ئەبێت ئەگەر هەریەکەیان سەر بە لایەنێکی زمان بن، وەک دەزانین لە ئەدەبدا (شیعر وپەخشان) هەیە، زمانی ئەم دوو شێوە ئەدەبیەش لەیەک جیاوازن، بەجۆرێک شیعر کار لەسەر شوێنێکی زمان دەکات، و پەخشانیش لە شوێنێکی دیکە)) (سەنگەر قادر شێخ مەحمود، ٢٠٠٩: ٨٤) هەر شێواز و جۆری ئەم مامەڵەکردنەیە، وادەکات هەندێک لە نوسەران ببنە شاعیر و هەندێکیش ببنە پەخشان نووس. ئەوەی جێگای سەرنجی ئێمەیە لێرەدا، شیعر و زمانی شیعری شاعیر، زمانی شیعری یەکێکە لەو کەرەستە داهێنانکاری و ئێستاتیکایانەی کە شیعر هەڵگریەتی و دەتوانین بەچڕی کاری لەسەر بکەین. بێگومان زمانی شیعری خەسڵەتێکی یەکجار گرنگ وکاریگەری هەیە لەبنیاتنانی شیعر و هەڵچنینی بنیاتی قەسیدە، چونکە ئەوە تەنها زمانی شیعریە، وادەکات شیعر لەزمانی بازاڕی و قسەی ناو خەڵک جیاواز بێت، لەگەڵ ئەوەشدا زمانی شیعریش خۆی لەخۆیدا زمانێکی جودا و جیاوازترە لە ناو سیستەمی زمان، و دەتوانین بەسیستەمی زمانی تایبەت لەناو سیستەمی زمانی باودا، مامەڵەی لەتەکدا بکەین ((زمانی شیعری لەنێوان ڕەگەزەکانی تری بنیاتی شیعریدا، جۆرە سیمایەکی تایبەتی دەداتە دەق، و شیعر پێک دینێت، بەسەر زمانی ئاسایدا تێدەپەڕێت و لە ئەنجامی گونجاندنی وشەو دەنگەکان ئاوازێکی تایبەتی ئەداتە دەقی شیعری))،(ڕێزان محەمەد غەفور محەمەد، 2005. ٢٠٠ : ٩). هەروەها ڕێکەوتنی وشەو دەنگەکان لەگەڵ یەکتردا جەستەیەکی قوڵ و چڕی کاریگەر لەسەر نامۆکردنی زمانی ئاسای جێ دەهێڵێت، ئەمەش خاڵی بەرجەستە و گرنگی زمانی شیعریە. کەنەخشی دیاری لەسەر بەهاو ماناداری شیعری هەیە. بێگومان ئەم کاریگەری و جوانی و نامۆکردنی زمانە لە شیعردا لە ئەنجامی لادانە واتای و ڕێزمانییەکانەوە دێتە کایەوەو خۆی بەرجەستە دەکات. واتە زمانی شیعری سیستەمێکی زمانی دیاریکراوی تایبەت لەناو زمانە ئاسایەکەدا دروست دەکات. ئەم کارەش پەیوەندیەکی سەرەکی بەڕۆشنبیری و شاعیر و کلتوری میللەتەکەیەوە هەیە(خانزاد علی قادر، ٢٠١٢: ٣٩). هاوکات زمانی شیعری ئەو ڕووبەرو نەخشەیەیە، کە شاعیر دەتوانێت

بەکاری بهێنێت و لایەنی داهێنانکاریە خۆی پیدەربخات، ڕووبەرە نادیارە شاراوەکانی زمانی پێ بەرجەستە بکات. بێگومان ئێستاتیکای زمانیش لەڕێگای لادانی ڕێزمانی و لادانی واتاییەوە دەرئەکەوێت لێرەدا هەوڵدەدەین بەنمونەوە بیانخەینەڕوو.

## 1-2-2 لادانی ڕێزمانی:

هەموو جۆرەلادانێک لەڕێگەی زمانەوە دروست دەبێت، چونکە زمان کەرەستەی نوسینی دەقە، هەروەک دەوترێت زمان وەک هەویرێک وایە لەبەردەستی نوسەرو شاعیردایە، بە ئارەزووی خۆیان ئەو ژانرەی لێپێکدێنن کە خۆیان مەبەستیانە، بۆیە لە هەرشوێنێک بیانەوێ لێیدەقرتێنن، وە لە هەرشوێنێک بیانەوێ زیادەی دەخەنە سەر. بێ ئەوەی یاساو دەستورەکان پەیرەوبکەن.(سافیە محەمەد،٢٠٠٩: ٨٣). لادانی ڕێزمانیش هەموو ئەوجۆرە لادانانە دەگرێتەوە کە لەسەر بنچینەی لادان لە یاسای ڕێزمانیەکان ئەنجام دەدرێت، ئەمەش لەسەر ئاستی هەردوو (وشە و ڕستە)یە. بە شێوەیەکی گشتی لەڕێیی ئەم لادانانەوە شاعیر سیمایەکی هونەری و ئێستاتیکی دروست کردووە لێرەدا بەکورتی باسیان لێوەدەکەین.

### 2-2-1-1 لادان لەسەر ئاستی وشە:

وشە لە شیعردا خاوەن پێکهاتەو ئەرکێکی جیاوازترە، بە بەراورد لەگەڵ وشە لە زمانی ئاسایی دا. هەروەک ( مالارمێ) سەبارەت بە وشە لە شیعردا دەڵێت: ((ئێمە دێڕەشیعرەکان بەبیر دروسناکەین، بەڵکو بەوشەکان دروستیان دەکەین))، (سافیە محمد احمد،٢٠٠٩: ٥٦). وشەکان دەکاتە کردەی شیعرە چونکە وشە بۆ شاعیر و نوسەر وەک ڕەنگ وایە، پێویستە سەرەتا ڕەنگەکان هەڵبژێریت بۆ بەرجەستەکردنی کارە هونەریەکە. شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیرانەی توانیویتی زۆر شارەزایانە وشە بەکار بهێنێت بە چەندین شێواز دەقی پێبڕازێنێتەوە، بەڵام ئەوەی جێگای بایەخی ئیمەیە (بەکار هێنانی وشەی پەراوێزخراوە) بەشێوازێکی بەرچاو لەم دیوانەیدا بەکاریهێناوە لێرەدا هەوڵدەدەین بەنمونەوە بەر باسی بدەین.

### بەکارهێنانی وشەی پەراوێز خراو:

لەبەرئەوەی زمان وەک درەختێک وایە بەتێپەڕبوونی کات گەڵا کۆنەکان هەڵدەوەرن و گەڵای نوێ لەشوێنیان سەر هەڵدەدات، بۆیە لەگەڵ هەرپێشکەوتن و گۆڕانێکی کۆمەڵگەدا وشەی نوێ سەرهەڵدەدات، و هەندی وشەی دی لەناو دەچن و پەراوێزدەخرێن، بۆیە شاعیران و نووسەران زۆرجار لە ڕێگەی دووبارە زیندوو کردنەوەی ئەم وشانەوە جۆرە ئێستاتیکایەک بەدەقەکانیان دەبەخشن، چونکە لەگەل بینین و خوێندنەوەی ئەم جۆرە وشانەدا خوێنەر توشی سەرسوڕمان و تیڕامان دەبێت. بەکارهێنانی وشەی پەراوێزخراو یەکێکە لە خەسڵەتە دیارەکانی شێوازی شیعری شێرکۆ بێکەس بەشێوەیەکی بەرچاو وشەی کۆنی لەنێو دەقەکانیدا بەکارهێناوە بەو هۆیەوە ئێستاتیکایان

به دەقەکانی بەخشیوە، لەم هۆنراوەیەدا کۆمەڵێک وشەی کۆنی بەکار هێناوە دەڵێت :

سەقەمی کۆچنامەی دڵداران

لەگیانی عشقدا: گڕەیە

گیێنگڵیان ئارام و

وێڵ بونیان؛ ڕێگەیە

تەماشا ڕیزە ژان

زنجیرە سەماکی کۆتەڵمان ((دەربەندی پەپوولە: 20)

شاعیر چەندین ناو و وشەی کۆنی بەکارهێناوە وەک(سەقەم) ووشەیەکی پەراوێز خراوە بەواتای سەرمایەکی زۆر نارەحەت دێت، هەروەها (گینگڵ) بە واتای ئەم دیو ئەو دیوشص کردن دێت لەکاتی ئازارکێشان و نەخۆشیدا، پاشان وشەی (سەماک) بەواتای زۆر بەرز و بڵند دێت. یان دەڵێت :

ساواق!

ساواقی سالا نەی بەهاری بیۆڵەت

ساواقی بورجی ((مارت)) (دەربەندی پەپوولە14:)

وشەی (ساواق) وشەیەکی کۆن و پەراویزخراوە بەواتای سەرماو سۆڵەی زۆر دێت، هەروەها وشەی ((بیۆڵەت)) بەواتای مرۆڤی هەژاری چارەڕەش و بەد بەخت دێت. لەڕێیی شیعرەکانیەوە شاعیر توانیویەتی زۆرێک لەو وشانەی بەخوێنەر و گوێگر ئاشنا بکات و زیندوویان بکاتەوە.

**2-2-1-2 لادان لەسەر ئاستی ڕستە:**هەموو زمانێک خاوەن پێکهاتەیەکی تایبەت و ڕۆنانێکی سەربەخۆیە و یاسای دیاریکراوی خۆی هەیە کە (وشە، فریز، ڕستە) پێکدێنن و پەیوەندیەک لەگەڵ یەک دروست دەکەن و سیستەمی زمان پێکدێنن. بەڵام ئەوەی جێگەی بایەخی ئێمەیە و باسی لێوەدەکەین، لادانە لەسەر ئاستی ڕستە لێرەدا ڕستەی شیعری لە یاسا ڕێزمانیەکان لادەدات و هەموو تواناو سیستەمی زمان دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و گۆڕانکاریان تێدادەکات. ئەمەش وادەکات ڕستەی شیعری ڕوخسارێکی جیاواز تری هەبێت لە ڕستەی ڕێزمانی. چونکە لێرەدا شاعیر بە پێوەرەکانی ڕێزمان کارناکات بەڵکو بەپێی پێوەرەکانی شیعر کار دەکات ڕێگەدەدان تا زمانێکی نوێ دروست بکات و کردەی داهێنانەکەی پێ تەواو بکات (صافییە محەمەد ئەحمەد ،٢٠٠٩ : ٦٨).

لێرەدا یاساکان ملکەچی شاعیر دەبن لەئەنجامی ئەوکارەی شاعیر لادانە ڕستەیەکان دروست دەبن. لادان لەسەر ئاستی ڕستەش بەچەند شێوازێک ئەنجام دەدرێت ئەوانیش (کرتاندن، پاش وپێش خستن، کورتبڕی و درێژبڕی، هاوتەریبی ڕستە) لێرەدا ئەوەی جێگای مەبەستی ئێمەیە، هاوتەریبی ڕستەیە و باسی لێوەدەکەین.

**-هاوتەریبی ڕێزمانی ڕستە:** مەبەست لێی پێدانی شێوەیەکی تایبەتە بە دەقەکە، ئەمەش وادەکات سیمایەکی ئێستاتیکی بەدەقەکە ببەخشێت، هەروەها لە شێوازی گەیاندنی ئاسایی جیایدەکاتەوە ئەمیش دوو جۆرە:

کایەوە پێویست به وردبونەوە و قوڵبونەوەی زیاد لەپێویست هەیە بۆ کردنەوەی گرێکانی مانای شیعرەکە، ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگی لەبواری ئێستاتیکا هەیە. لادانی واتایش لای شێرکۆ بێکەس له چەند ڕەهەندێکەوە بەرجەستە دەبێت ئەوەی زیاتر له سنوری لێکۆڵینەوەکەی ئێمەدایە لەدوو ڕێگەوە بەرجەستەکراوە ئەویش :

**2-2-2-1 پارادۆکس:** پارادۆکس کردەیەکی زمانی شیعریە نەک ئامرازێکی جوانکاری، بریتیە له نەرێنی کردنی گوتن لەبابەتێکدا، که دژو پێچەوانەیە لەگەڵ ڕایی باو، گرنگی و بەهای ئێستاتیکی ئەمەش بریتیە له بەرکەوتن و ململانێ له نێوان دوو وشەی دژ بەیەکدا(سافیه محمد ئەحمەد ، ٢٠٠٩: ٩٢). بۆ نمونە شاعیر دەڵێت:

لەگوارەو پلپلە و سلسلەی

زایەڵەم

ئەودەمەی که شایی گریانە (دەربەندی پەپوولە:15)

لێرەدا شاعیر دوو چەمکی ( شایی و گریانی ) ی پێکەوە هێناوە دوو شتی تەواو پێچەوانەن و دژ یەکن یان دەڵێت :

ئەی لەوبەری کەناری گیانتەوە؟

بلێسەی خۆڵە مێش.

شۆڕشی مردووەکان.

لافاوی وشکانی




## 2-2-2 لادانی واتای:

هەموو ئەو لادانانە له خۆدەگرێت کەلەسەر بنجینەی پچڕانی پەیوەندی نێوان (دال و مەدلول) دروست دەبن، یان ڕوونتر بڵێین لادانی واتای بریتیە له شکاندی یاساکانی دیوی ناوەوەی زمان پەیوەندیەکی پتەویان بەگۆڕینی مەبەست و واتا و تێگەشتنەوە هەیە، واتە لەگەڵ ئەوەی واتای سەردەمیش ئەگۆڕێن، ئەبنەوە بار و ئەرک بۆ گوێگر(محمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠ : ٤١٩). زۆر جار ئەم لادانە واتایانە گیروگرفتی تێگەشتن دێننە

هاواری بێدەنگی
(دەربەندی پەپوولە:70)

بەهەمان شێوە چەندین چەمکی دژ و پێچەوانەی
پێکەوە بەکار هێناوە ، جۆرە نامۆییەکی
درووست کردووە، لەم ڕێگایەوە توانیویەتی
دەقێکی ئستاتیکی بخولقینێت.

## 2-2-2-2 دانەپاڵ:

**بەکەسکردن:** لەم شێوازەدا شاعیر بۆ چەسپاندنی وێنەکەو هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو شتەی باسی لێوەدەکات (هەڵدەستێت بەبەخشینی تایبەتمەندی و خاسیەتەکانی مرۆڤ بە شت و کەرەستەکان) (هاوژین سلێوە،20194، 24). بۆ نمونە دەڵێت:

دار بەڕوو دێ بۆ لام

ڕەگی خۆی ئەبەستێ بەڕەگی قاچمەوە
(دەربەندی پەپوولە:٣٥)

شاعیر سیفەتی مرۆڤ یاخود ( جوڵەو کرداری ) خستۆتە پاڵ دار بەڕوو بەکەسیکردەوە، یان دەڵێت:

هاتوم بەرد فێرم بکات،

لەسەر ئەو چۆن بڕوێم (دەربەندی پەپوولە: 3٥)

**بەتەنکردن:** لەبەرئەوەی (ئەزمونی شاعیر لەو هەستەوە بەرجەستە دەبێت کە کاری لێکردووە جا دەرەکی بێت، یان ناوەکی، بۆیە هەوڵدەدات پەیوەندی و لێکچواند لە نێوان شتە مەعنەوی و شتە هەستپێکراوەکان بۆ خوێنەر دروست بکات، بۆ ئەم مەبەستە هەڵدەستێت بە دانەپاڵی سیفەتێکی (بەرهەستکەوتوو) بەپێکهات و شتێک کە هەڵگری سیفەتی (بەرهەستکەوتوو، مەعنەوی بێت)(سافیە محمەد ، ٢٠٠٩: ٩٩). بۆ نمونە شاعیر دەڵێت:

ئەم سۆزەی تۆ ئاوە

ئەم دەنگەی تۆ ڕەنگە

ئەم عەشقەی تۆ بەردە (دەربەندی پەپوولە: 4٦)

شاعیر هەردوو چەمکی (سۆز _ عەشق) کەچەمکێکی مەعنەوین، بەتەنیکردون داویەتیە پاڵ (ئاو _ بەرد) دوو تەنی هەست پێکراون.

## 3-2 ئێستاتیکای وێنەی شیعری لە دیوانی ( دەربەندی پەپوولە ) ی شێرکۆ بێکەس دا

وێنەی شیعری پێکهاتەیەکی گرنگی شیعرە، بوونی لە ناو شیعردا کاریگەری و چێژ لای خوێنەر زیاتر دەکات، چونکە شیعر هەر تەنها بارکردنی بیر و مانا نیە بەتەنها، بەڵکو لە بنەڕەتیشدا پێکهێنانی وێنەی نەگیراوی هەموو ئەو تابلۆ و وێنە بەرجەستە بوانەیە کە لەدونیایی سادەدا بەکاڵ و تارمای خۆی دەردەخات. دووبارە شاعیر لەکەشێکی نیگار کێشی بەرجەستەیان دەکاتەوە، خوێنەربەر وێنەیەکی پڕ ئێستاتیکا ئامێز و جوان و ناوازە دەکەوێت، هاوکات (ئەو ڕایەڵە هاوبەشەی نێوان شیعرو

وێنەیە، وایکردوە گەلێک جار دەقێکی شیعری ببێتە سەرچاوە بۆ داهێنانی تابلۆیەکی هونەری، هەندێ جاریش بە پێچەوانەوە تابلۆیەک دەرگا لەبەردەم لەدایکبونی بەرهەمێکی شیعریدا بکاتەوە یان بەیەکتر بەراورد بکرێن (فەرهاد قادر کەریم،2012: 29). لەگەڵ ئەوەشدا شاعیری باش لەدروستکردنی وێنەی شیعریدا پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی وزەکانی زمان، بەشێوەیەکی باش لە دروستکردنی وێنەی شیعری و پەیوەندی نوێ دەدۆزێتەوە لە نێوان وشەو ڕستەکان و وزەی هونەری خۆی بەکار دەهێنێت، بنەمای پێکهێنانی لەسەر ئەم پەیوەندیانەی دەبێت (الوصيف هلال، ٢٠٠٦:67). وێنەی شیعری یەکێکە لەو ڕەگەزانەی شێرکۆ بێکەس پرۆسەی ئێستاتیکاخوازی تیا خستۆتەگەڕ بەشێوازێکی جوان تابلۆی شیعری گرنگی لێپێکهێناوە. لێرەدا هەوڵدەدەین وێنە شیعریە باو بەرجەستەکان بخەینە بەرباسی و لێیان بکۆڵینەوە.

## 2-3-1 وێنە لەڕووی وەستاو جوڵاوەوە

### 2-3-1-1 وێنەی وەستاو

وێنەی وەستاو ئەو وێنەیەیە لە بارێکی وەستاو داخراو بەرجەستەبوو دایە هیچ بزاوتن و جم وجوڵ و لەرەیەکی تێدانیە. بەردەوام واهەست دەکەیت لەبەردەم تەنێکی مردوو بێڕۆح و وەستاو دایت، هەست دەکەیت هەمیشە لەبەردەم وێنەیەکی کۆنکرێتی ئەبلەق بودا ڕاوەستاوی. هیچ جوڵەو لەرەیەکی زیندو بەچاوی وەرگر نابەخشێت، تەنها یەک دیمەن و نەخش و نیگار لەبەردەم مرۆڤ دووبارە دەبێتەوە. زۆر جار مرۆڤ چاوی لەسەر وێنەکە گیر دەبێت، ئەمەش لەبەر وەستاویی دیمەنی نێو وێنە شیعریەکەیە، بەڵام ((تەنها لە ئاستێکدا وەستاوە، لەسەر ئاستی شیعرەکە وەستاو نیە))، (هاوژین سلێوە عیسا، ٢٠٠٩: ١٧٧).واتە تەنها لەناو خودی خۆیدا وەکو کۆپلەی وێنەکە وەستاوە، بەڵام بەدریژای دەقەکە، جوڵەی ئاسایی خۆی وەردەگرێت. بۆنمونە شاعیرلە دروستکردنی وێنەیەکی وەستاودا دەڵیت:

ئەم بەردە گەر بازووی ئەوەندە ئەستور و

دڵیشی ئەوەندە سەخت ڕەق نەبوایە

تائێستا ڕەشەبا هەزار جارتلاو تل بردبووی

ئاخر چۆن بەتوۆی دەم (( با)) یەک

ئەقڵیشا سەرسنگی(دەربەندی پەپوولە: ٢٨)

لێرەدا شاعیر لەکێشانی وێنەکەدا پشتی بەوەسف بەستوە، کاری کەمی تێدا بەکار هێناوە بۆیە ئەمەش وادەکات وێنەکە جوڵەیەکی کەمی تێدابێت، یان لەجوڵەبکەوێت و بوەستێت. دواجار وێنەیەکی وەستاو بەرجەستە بکات.

### 2-3-1-2 وێنەی جوڵاو:

بە پێچەوانەی وێنەی وەستاوە، بەردەوام جم و جوڵی تێدایە و مرۆڤ هەست ئەکات لەبەردەم

کەش و هەوای جوڵاوی وێنەکەدا دێت و دەچێت. بێگومان ئەمەش بەهۆی ئەو وشە و دەستەواژانەی نێو شیعرەکەوە بەدی دێت، کە ڕیتم و ئاواز و درەوشانەوە بە هۆنراوەکە دەبەخشێت و تیشکی بەردەوام و جوڵاو بزاوتنیان لێوەردەگرێت. هەروەها تازەگەریی و زیندوییەک ئەخاتە سەر وێنەکە جوانیەکیش بەتابلۆکە دەبەخشێت هەروەها خوێنەریش چێژێکی تایبەت لەو وێنە وەرئەگرێت، شاعیر لە دروستکردنی وێنەیەکی جوڵاودا دەڵێت:

لەدورەوە هەر کەپۆلی کچم بینی

بەرەو ڕوویان پێ هەڵەگرم

سەرنج ئەدەم ئەڵێم بەشکو

نازێ شەرمێ تیلەی چاوی

سور هەڵگەرانی گۆنایەک

بمباتەوە بۆ لای شەقامی شارەکەم

وەکو دوێنێ(دەربەندی پەپوولە: ٨١).

شاعیر لەوێنە گرتنی ئەو خەیاڵەی کە لە ئەندێشەیدایە جوڵەیەکی بە شیعرەکە بەخشیوە، ئاڕاستەی جوڵەی وێنەکەشی بەرەو خۆیەتی یاخود ڕووبەڕوو بونەوەیەک لەگەڵ کەسێ کە مەبەست لێی پۆلی کچن و ئەیەوێ ڕووبەڕویان بڕوات ئەمەش کەشێکی زیندو جوڵاوی بەشیعرەکە بەخشیوە.

## 2-3-2 وێنە لەڕوی هەستی و ژیریەوە

**1-2-3-2 وێنەی هەستی:** وێنە هەستیەکان ئەو وێنەدەگرێتەوە کە بەهۆی هەستەکانی مرۆڤەوە ((بیستن، بینین، بۆنکردن، تامکردن، بەرکەوتن)) دەستگیر دەکرێن، و دەتوانرێت بەرجەستە بکرێت واتە ئەو وێنانەی کە هەستەکان دەتوانن تەحەکم بەسەریانەوە بکەن. بەهۆی هەستەکانەوە پەییان پێ ببرێت، و بەرجەستە بکرێت ئەم وێنەش زیاتر لەبیرو هزری خوێنەردا دەمێنێتەوە دەتوانرێت زیارتر بەرجەستەبکرێت، توانای ڕامکردنیان لە لایەن خوێنەرەوە زیاترە. هەروەها ڕەنگ و ڕووخساری شتە هەستیەکان ڕەنگ دەداتەوە جوڵەیەک لە مێشک دروست دەکات، هاوکات کارتێیکردنی ئەو شتانە جیاوازە دەبێت لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر(هاوژین سلێوە عیسا، ٢٠٠٩: ١٨١). لێرەدا شاعیر بەهۆی هەستی بینینەوە لە ئێستادا لەگەڵ ڕابردو تێکەڵ دەبێت ئەم وێنە دروست دەکات.

هەرکە بازاڕێکی میللیم هاتە سەرڕێ

ڕائەکەمو ئەچمە ناوی

تیا خوڵ ئەخۆم

ئەڵێم بەشکو هاواری میوە فرۆشێ

هاواری ماسی فرۆشی

هاواری سەوزە فرۆشی

لەهاوارو ژاوەژاوی ئێوارانی مەیدانەکەو

بەر حەوزەکەو

ژێر پردەکەی خۆمان بچی!(دەربەندی پەپوولە:٨٢).

شاعیر بەهۆی هەستی بینینەوە و توانیویتی لە ڕێی بینینی ئەو شوێنەوە بگەڕێتەوە بۆ یادگاری زێدی خۆی، بەشێوازێکی هونەری جوان توانیویتی خوێنەر بەرێتە ئەو شوێنەی کە خۆی مەبەستێتی، بۆیە ئەتوانین بڵێین هەستەکان پردی گەشتنی شاعیرن بەو واتا و بیرانەی کە مەبەستێتی.

**2-3-2-2 وێنەی ژیری:** ئەو وێنەیەی کە ناتوانرێت بەهۆی هەستەکانەوە پەی پێببرێت و دەستگیربکریت، بەڵکو تەنها بەهۆی خەون و خەیاڵ و ژیری و لۆژیکەوە دەتوانرێت ڕامبکرێت و بکەوێتە ناو داوی هەبوون و بوونەوە، چونکە ناتوانرێت بەهیچ یەکێک لە هەستەکان چوارچیوە و کلێشەی بۆ دیاری بکرێت و بخرێتە نێو تەرازوی هەڵسەندگاندن و نرخاندنەوە. تەنها ژیری و خەیاڵ و ئەندیشەیە توانای گرتنی ماسی ئەو وێنانەی هەیە و دەتوانێت لەناو تەرازووی(بوون)دا ڕێگای شیاوی خۆی بۆ بدۆزێتەوەو دەسگیری بکات. ئەگەر وێنەی هەستی بەر یەکێک لەهەستەکان بکەوێت ئەوا وێنەی زەینی بەرهیچ کام لە هەستەکان ناکەوێت، وێنەیەکی واتاییە و لە ناوەوە هەڵدەقوڵێت بەهۆی هۆشیاریەوە دەزانرێت(هاوژین سلێوە عیسا : ١٩). ئەم جۆر ە وێنەیە وێنەیەکی سرک و ڕامنەکراوە، تەنها بەهۆی هێزی هۆشیاری لۆژیکیەوە دەتوانرێت پەی پێ ببرێت. شاعیر دەڵێت:

ئەی نامۆکان

ئێمە لە تەختەی سەرئاوی ((ئاموون ئەچین))

نوقم نابینو ناشخنکێین

بەلام مشاری شەپۆل و ئەم بڕبەندی کەنارانە

هێدی هێدی وردمان ئەکەن

ئەماندەنە دەس تاریکی ((ئۆقیانوس)) و

تیا ون ئەبین ...(دەربەندی پەپولە: ٦٣).

شاعیر وینەیەکی واتایمان بۆ دەکێشێ ئەگەر خوێنەر باگراوندێکی ئەدەبی و ڕۆشبیری باشی نەبێت ناتوانێت لە وێناکردنی شیعرەکە بگات. ئەویش هاوتاکردنی تاکی نامۆیە بە تەختەی سەر ئاو کەوتووەکەی ئاموون، کە چۆن غوربەت و کۆسپ و تەگەرەکانی ڕۆژگار ئەیهاڕێت و ووردی ئەکات، بەلام لەناو ناچێت تاوەکو تێکی ئەشکێنێت کە مەبەست لە لایەنی دەروونیە، چونکە لێرەدا بارەدەروونیەکەی شاعیر ڕۆڵی سەرەکی دەبێت لە هەڵبژاردنی جۆری ئەو سیفەتە تایبەتمەندیەی مرۆڤ و بەخشینی بەشتەکان، هەروەها بەهۆی بەکەسکردنەوە هاوڕێی نویَ بۆحەزو

ئارەزووەکانی یان خۆشی و ناخۆشیەکانی پەیدا بکات.

## ئـــــەنــــجـــــام

1. ئێستاتیکا وەکو ڕەگەزێکی گرنگ و بەهادار، لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا بەدی دەکرێت خاڵێکی دیاری دنیای شیعری ئەون، هەربۆیە شێوازی شیعری لەگەڵێک ئاست و بواردا خۆی جێگیر کردووە. بووە بەڕەوت و ڕێبازێک لە ڕێگای شیعرەکانیەوە دەناسرێنەوە.
2. ڕەگەزی گێڕانەوە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینریت، و یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی دەقی شیعری شاعیر کە ئێستاتیکایان بە دەقەکانی بەخشیووە.
3. شاعیر لە ڕێگەی زمانی شیعریەوە، توانیویتی یاری بەکەرەستەکانی زمان بکات، لادانی ڕێزمانی و لادانی واتایی بخوڵقینێت، جۆرە نامۆییەک لە زمانەکەدا دروست بکات، لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی ئێستاتیکا بە دەقەکانی ببەخشێت.
4. وێنەی شیعری یەکێکە لەو ڕەگەزە گرنگانەی شیعری (شیرکۆ بێکەس) بەشێوازێکی زۆر جوان و کاریگەر، توانیویەتی پرۆسەی ئیستاتیکاخوازی تیا بخاتە گەڕو تابلۆی شیعری جوانی لیپێکبهێنێت.

## ســـــەرچـــــــــاوەکان


1. جەبار ئەحمەد حسین،ئێستا تیکای شیعری کوردی کوردستانی عیراق (١٩٥٠_ ١٩٧٠) چاپ و بەخشی سەردەم 2008.
2. خانزاد علی قادر (د.) زمانی شیعری حاجی قادری کۆی و مەحوی و شیخ ڕەزای تاڵەبانی هەولێر ٢٠١٢
3. ڕێزان ڕەحمان خدر. تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی ( عەبدوالله سەڕاج ) دا،هەولیر ٢٠١٣.
4. ڕێزان محمد غەفور _ ڕێبازی ڕۆمانسیزم ( ١٩١٨ _ ١٩٤٥ ) هەولێر ٢٠٠٥.
5. سەنگەر قادر شێخ محەمەد بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین) ی ئەحمەدی خانی و (شاری مۆسیقا رە سپیەکانی) ی بەختیار علی . دەزگای موکریان. ٢٠٠٩ .
6. سەنگەر قادر شێخ محەمەد (د.) فەلەسەفەی شیعری و شیعری فەلسەفەی هەولێر ٢٠١٢.
7. فەرهاد قادر کەریم (د.) بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا چاپخانەی ڕۆژهەڵاتی هەولێر ٢٠١٢.
8. کەمال مەمەند میراوی دەلی فەلسەفەی جوانی و هونەر . چابخانەی زانکۆی سلێمانی ١٧٩٧.

9. مجاهد عبدالمتحم مجاهد ، زانستی ئێستاتیکا و وەرگێڕی عبدالله گەرمیانی ،چاپخانی ڕۆژهەڵات ،هەولێر ٢٠١٣.

10.محمد ماعروف فەتاح . لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان چ١ هەولێر ٢٠١٠.

11.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (د.) فەرهەنگی زاراوەکانی (ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتیەکان) . چاپخانەی تاران ٢٠١٥.

12.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (د.) ئەزمونی خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی چاپخانی سلێمانی ٢٠٠٦

13.هاوژین سڵیوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا ، چ ١ سلێمانی ٢٠٠٩.

14.هاوژین سڵێوە، ڕەخنەی پراکتیکی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا 2019.

15.الوصیف هلال ایبراهم التصویر البیانی فی الشعور المتنبی ط ١ قاهره ٢٠٠٦.

## نامە ئەکادیمیەکان:

1. ئاسۆ عومەر موستەفا، ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعری لەئەدەبی کوردیدا(کرمانجی خواروو1920-1970)، زانکۆیی سلێمانی،2019.
2. صافیە محمد ئەحمەد، لادان لەشیعری نوێ خوازی کوردیدا ( ١٩٨٠- _ ١٩٩١ ) نامەی ماستەر ،زانکۆی صلاحەدین . ٢٠٠٩.

## گۆڤار:

1. هیمداد حسێن (د) ،ئێستاتیکاو پەڕناسیزمی شیعری گۆران ،گۆڤاری کۆنتێکست،ژمارە 1،ساڵی ٢٠١٧.

## دیوان:

1. شێرکۆ بێکەس ،دیوانی دەربەندی پەپولە ،ناوەندی نیشتیمانی. سنە ١٣٩4.